https://doi.org/10.54809/jkss.vi1.209

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ڕۆڵی ئەپڵیکەیشنەکانی مۆبایلی زیرەك لە کاراکردنی ڕۆژنامەوانیی هاوڵاتیی لە هەرێمی کوردستان دا

بەناز ڕەسوڵ حەمە ئەمین

بەشی تەکنیکی میدیا-کۆلیجی تەکنیکی کارگێریی-زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی-هەرێمی کوردستان

banaz.rasul.h@spu.edu.iq

پ.ی. د.کاوە عبدالرضا محمد

پەیمانگای تەکنیکی دووکان - زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی-هەرێمی کوردستان

Kawa.muhammad@spu.edu.iq

## الملخص

لـەم توێژینەوەیـەدا، توێـژەر هەوڵـەدات ئـەو پەیوەندییانـە بدۆزێتـەوە، کـە لـە نێـوان کاربەرنامـە و سـەکۆکانی سۆشـیاڵ میدیـا هەیـە وەک تەکنەلۆجیـای سـەکۆ (Platform) و ئەپڵیکەیشـنەکان و (Apps)ــی مۆبایلـی زیـرەك (Smartphone)، کـە هەتـا چەنـد کارئاسـانیی کـردووە لـە دەرکەوتـن و، ڕۆڵـی گێـڕاوە لـە چالاککـردن و گەشـەکردنی ڕۆژنامەوانیـی هاوڵاتیـی (Citizen Journalism) لـە هەرێمـی کوردسـتان دا. توێژینەوەکـە بـە میتـۆدی وەسـفیی جێبەجێکـراوە و لـە ڕێگـەی ڕاپرسـییەوە بـە دابەشـکردنی (٢٠٠) فـۆرم لـە نێـو ڕۆژنامەنووسـانی هاووڵاتیـی دا وەک نموونەپشـکنینی (سـامپڵ)ی توێژینەوەکـە، کـە لـە ڕێـی (١٤٧) فۆرمیـی پڕکـراوەوە، داتـای کۆکردۆتـەوە بـۆ بەرجەسـتکردنی ڕۆڵ و کاریگەرییەکانـی ئـەم تـەرزە ڕۆژنامەوانییـە لـە ئێسـتادا. ئیمپاکتـی ئـەم تەکنۆلۆجیایانـە لەڕێـی چەنـد پرسـێکەوە رووپێوکـراون، لەوانـە: بەکارهێنانـی ئەپڵیکەیشـنەکانی مۆبایلـی زیـرەك، ئایا بەکارهێنانـی ئەپڵیکەیشـنەکان بـە تـەواوکاری پرۆسـەی بەرهەمهێنانـی بابەتـی میدیایـی دائەنرێـت، پەیوەنـدی نێـوان (ئاسـتی زانسـتیی)و بەکارهێنانـی ئەپڵیکەیشـنەکانی مۆبایلـی زیـرەك و، جـۆری ئەپڵیکەیشـنەکان و بەکارهێنـان و پەسـەندکردنیان. داتاکانـی ئـەم پرسـانە بـە شـیکارییەکی ئاماریـی سـاغکراونەتەوە لەڕێـی دەستنیشـانکردنی سـێ پێـوەرەوە، ئەوانیـش (بـەکاری ناهێنـم، بـەکاری ئەهێنـم، زۆر بـەکاری ئەهێنـم). جێبەجێکرێتـەکان گەیشـتووە بـەوەی کـە بەکارهێنانـی ئەپڵیکەیشـنەکانی مۆبایلـی زیـرەك ڕۆڵـی لەکاراکردنـی ڕۆژنامەوانیـی هاووڵاتییـدا هەبـووە بـە بەدەسـتهێنانی (زۆر بـەکاری ئەهێنـم) بـە ڕێژەیـی(٦٠,٥٪) و، بەکارهێنانـی ئـەم ئەپڵیکەیشـنانە پێـوەری (زۆر بـەکاری ئەهێنـم)ی هەیـە وەک نیشـاندەری تـەواوکاری پرۆسـەی بەرهەمهێنانـی بابەتـی میدیایـی دائەنێـت بـە ڕێژەیـی (٨١,٣٣) ، بـە ڕێژەیـی (٢٥,٩٥٪) لـە بـواری (بەکارهێنانـی نووسـینو گرافییـك) سـوودمەندبوون، بەڕێـژەی (٢٤,٠٥٪) لـە بـواری (وێنەگرتـن و بڵاوکردنـەوە) سـوودمەندبوون، هەروەهـا بـە ڕێژەیـی (١٥,٥١٪) لـە بـواری (گرتـەی ڤیدیۆیـی مۆنتاژکـردن و بڵاوکردنـەوە) لـە ئەپڵیکەیشـنەکانی مۆبایلـی زیـرەك، سـوودمەندبوون. وەک ڕشـتەی زانسـتییش هەڵگرانـی بڕوانامـەی بەکالۆریـۆس زۆرتریـن ڕێژەیـی (٤٣,٨٢٪) و پێـوەری (زۆر بـەکاری ئەهێنـم) بەکارهێنـەرن, هەڵگرانـی بڕوانامـەی (بنەڕەتیـی) بـە ڕێژەیـی (٤,٠٨٪) و پێـوەری (بـەکاری ئەهێنـم) نزمتریـن ئاسـتە، ئەمـەش روونـی ئەکاتـەوە کـە تـا ئاسـتی زانسـتیی بەرزبێـت، بەکارهێنـەران ئەتوانـن باشـتر سـوود لـەم ئەپڵیکەیشـنانە وەربگـرن. ڕاسـپاردەکانی ئـەم توێژینەوەیـەش، سەرنجڕاکێشـانی دەسـتگا میدیاییـەکان بـۆ ئـەم تـەرزە ڕۆژنامەوانییـە و داواکاریـی لـە لایەنـە پێوەندییـدارەکان هەیـە کـە بـرەوی زیاتریـان پێبـدەن لـە ڕێـی خـوول و ڕاهێنـان و کارئاسـانیی و متمانەبەخشـینەوە.

کلییلە وشەکان: تەکنۆلۆجیای سەکۆ، ئەپڵیکەیشنەکان، مۆبایلی زیرەك، ڕشتەی زانستیی، ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتیی

Recieved: 18/9/2022
Accepted: 23/12/2022

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی

بواری راگەیاندن، یەکێکە لەو بوارانەی لە ژێر کاریگەریی شۆڕشی تەکنەلۆجیا دەستبەرداری شێوە کۆنباوەکەی خۆی بووە و گۆڕانکاریی بەسەر کایەی میدیاییەوە کردووە، بە هۆی شۆڕشی تەکنەلۆجیای ژمارەیی (Digital Technology)، کە ئاستی کۆمەڵی گۆڕی بۆ کۆمەڵی زانیاریی و فێربوون، هەروەها شۆڕشی ئەپڵیکەیشن و پلاتفۆرمەکانی مۆبایلی زیرەك، شێوازو رووخسارێکی نوێی بە کاری میدیایی بەخشی.

بەتایبەتیش ئەپڵیکەیشنەکانی پێوەندییدار بە کاری راگەیاندن و گەیاندنەوە، سەرباری ئاسانیی دابەزاندن و جێگیرکردنی کاربەرنامەکان لە مۆبایلە زیرەکەکاندا، کە رۆڵێکی گەورە لە بەرهەمهێنان و مۆنتاژکردنی ناوەڕۆکیی بابەتە میدیاییەکان و گواستنەوەی هەواڵ و وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی هەیە لە لاپەڕە کۆمەڵایەتیی و پێگە تایبەتییەکان، لەمڕۆدا بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك و ئەپڵیکەیشنەکانی تایبەت بە پێوەندییکردن بۆتە پێداویستییەکی ژیاریی لە ژیانی تاك و کۆمەڵ و دامەزراوەکانیش بە هەموو جۆرەکانییەوە، بەهۆی تایبەتمەندیی پێوەندییکردنی نێوان تاکەکان و درووستکردنی رایەڵی پێوەندیی لە نێوان پەیامنێر و وەرگر، گۆڕینیی وەرگر بۆ هاووڵاتییەکی چالاك کەبەشدارییەکی راستەوخۆی هەیە، بە هۆی کارلێکردن و بەشدارییکردنی لە گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەکاندا.

بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکانی مۆبایلی زیرەك لە بواری راگەیاندندا بووە بە بنەمایەکی سەرەکیی بۆ چالاکیی و بەشدارییکردن و کارلێکردن لە نێوان مرۆڤەکان و بەشدارییکردنی جەماوەریی لە بابەتە هەمەجۆرەکانی میدیاییدا، کە ئەمەش لە دەرکەوتنی (رۆژنامەوانیی هاووڵاتیی) دا خۆی بینییەوە، زۆربەی هاووڵاتییان بەتایبەتیش ئەوانەی ئارەز و خولیای کارکردنیان هەیە لەبواری میدیادا، سوودیان لەم ئەپڵیکەیشنانە وەرگرتووە بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی و وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی لە هەژمار (Account) و واڵ (Wall) و لاپەڕە (Page) کۆمەڵایەتیی و پێگە تایبەتەکانیان، جا ناوخۆیی یان هەرێمیی یان جیهانیی بن.

توێژینەوەکە لە چوار بەشی سەرەکیی پێکدێت. بەشی یەکەمی بریتییە لە رێبازنامەی توێژینەوە، کە ئەم تەوەرانە لەخۆئەگرێت: (بایەخ، کێشە، ئامانج، کۆمەڵ و مشتە، سنوور، ئامڕاز، دیاریکردنی چەمك و زاراوەکان، توێژینەوەکانی پێشو). بەشی دووەمیش، لە دوو باسدا، تیشك ئەخرێتە سەر: (مۆبایلی زیرەك و ئەپڵیکەیشنە جیاوازەکانی مۆبایلی زیرەك). بەشی سێیەمیش کە لە دوو باس پێک دێت تەرخان ئەکرێت بۆ میدیایی نوێ و جۆرەکانی و رۆژنامەوانیی هاووڵاتیی، کە تیایدا (چەمك و پێناسە، تایبەتمەندییەکانی رۆژنامەوانیی هاووڵاتیی) روونئەکاتەوە. بەشی چوارەمیش، کە دوا بەشی توێژینەوەکەیە، تایبەتە بە بەشی کرداری توێژینەوەکە، لە رێگەی بەجێهێنانی رووپێوییەوە لەنێو رۆژنامەنوسانی هاووڵاتییدا، هەوڵئەدرێت، رۆڵی ئەپڵیکەیشنەکانی مۆبایلی زیرەك لە کاراکردنی رۆژنامەوانیی هاووڵاتییدا بدۆزرێتەوە.

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە

زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگە خاوەنیی ئامێرێکیی مۆبایلی زیرەکن، بەهۆی ئاسانی بەکارهێنان، بچووکیی، کەمی کێش، هەرزانیی و بەردەستبوونی لە بازاڕەکاندا، هەبوونی ئەپڵیکەیشنی جیاواز و توانای دابەزاندن و جێگیرکردنی بە ئاسانیی بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیایی، ئامێری مۆبایلی زیرەك بازدانێکی جۆریی لە هەموو

بوارەکاندا کردووە، بە تایبەتیش لە بواری میدیایی، ئەم ئامێرە تەنها وەك هۆیەکی پێوەندییکردن بەیەکترەوە بەکار نایەت، بەڵکو لەمڕۆدا بووەتە پێویستییەکی سەرەکیی ژیانی رۆژانەی تایبەت و ریشەیی تاکەکان، وەك ژوورێکی بچووکراوەی هەواڵیی هەموو کاتێك ئامادە و بەردەستە، بە هۆکاری بەشداریی و کارلێککردن و پێوەندییکردنی بەردەوام لەنێو تاکەکاندا. بۆیە پرسیار لەسەر ئەم پێوەندییە نوێیەی نێوان ئەم دوو چەمکە نوێیەی، نێوان ئەپڵیکەیشنەکانی مۆبایلی زیرەك و رۆژنامەوانیی هاووڵاتییدا ئەکرێت. کێشەی توێژینەوەکە لەم پرسیارە سەرەکییەدا خۆی ئەبینێتەوە:

-ئایا بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکانی مۆبایلی زیرەك، رۆڵی لە کاراکردنی رۆژنامەوانیی هاووڵاتییدا لە هەرێمی کوردستان دا هەیە؟

ئەم توێژینەوەیە، گرنگییداوە بە دەرخستنی رووە شاراوەکەی ئەپڵیکەیشنەکانی مۆبایلی زیرەك بەتایبەتیش ئەو ئەپڵیکەیشنانەی، کە پاڵپشتی لە کاریی میدیایی ئەکەن و وەڵامدانەوەی هەندێ پرسیاریی تایبەت بەبواری تەکنەلۆجیایی کە رۆڵی هەیە، لە گەشەکردن و پێشکەوتنی میدیایی و رۆژنامەوانیی هاووڵاتییدا هەیە، توێژینەوەکە کاربەرنامەکانی هەردوو سیستەمی (IOS, INDROID) و تەکنیکەکانی بەکارهێنان و کارئاسانیی بۆ رۆژنامەنووسان روونئەکاتەوە، کە رۆڵیان لە بەرهەمهێنانی بابەتی میدیایدا هەیە.

ئامانجی توێژینەوە

توێژەر، هەوڵیداوە، لە چوارچێوەی پێوەرە زانستییەکاندا چەند ئامانجێك بخاتەڕوو، بەم شێوەیە:

١- زانینی رۆڵیی ئەپڵیکەیشنەکانی مۆبایلی زیرەك لە کاراکردنی رۆژنامەوانیی هاووڵاتیی لە هەرێمی کوردستان دا.

٢- زانینی ئاستی سوودبینیین و بۆچوون و تایبەتمەندیی و ئاستەنگەکانی رۆژنامەوانیی هاووڵاتیی لە هەرێمی کوردستان دا، لە کاربەرنامەکانی مۆبایلی زیرەك، وەك کۆمەڵێ داهێنراو و سەکۆی تەکنەلۆجیای هاوچەرخی گەیاندن (Communication).

٣- دەرخستنی پێوەندیی نێوان ئەپڵیکەیشنەکان و کاراکردنی رۆژنامەوانیی هاووڵاتیی لە هەرێمی کوردستان دا و، زانینی ئاستی شارەزایی رۆژنامەوانیی هاووڵاتیی لە سەکۆ و کاربەرنامە دیجیتاڵییەکان.

٤-زانینی کاریگەریی دیمۆگرافیی کەسایەتیی رۆژنامەوانیی هاووڵاتیی و، ئاستیی بەکارهێنانی لە رووی تەمەن و ئاستی زانستییەوە.

٥-زانینی جۆری بەکارهێنراوی ئەپڵیکەیشنەکان لە کاری میدیایدا و روونکردنەوەی بەکارهێنانی ئەم ئەپڵیکەیشنانە؛ ئایا بەتەواوکاری پرۆسەی کاری میدیایی لای رۆژنامەوانیی هاووڵاتیی دائەنرێت؟

## میکانیزمی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە بە توێژینەوەیەکی وەسفیی دائەنرێت، هەوڵئەدات وەسفی پەیوەندی نێوان ئەپڵیکەیشن و دیجیتاڵ پلاتفۆرمەکانی مۆبایلی زیرەك و رۆژنامەوانیی هاووڵاتیی بکات، لە رووی بەکارهێنان و ئاستەنگەکانی گەشەکردنییەوە، توێژەر رێبازی راپرسیی بەکار ئەهێنێت بۆ بەجێهێنانی توێژینەوەکە بە رێگای (راپێویی) کە ئامرازێکە بۆ بەجێهێنانی توێژینەوەی زانستیی. لەگەڵ چاوپێکەوتنی شارەزایانی بواری راگەیاندن و کەسایەتیی تایبەتمەند لە بواری رۆژنامەوانیی هاووڵاتیی. کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکەش بریتییە لە هەرێمی کوردستان

و بـواری رۆژنامەوانیـی هاووڵاتیـی سـامپڵی توێژینەوەکـەن، سـامپڵێکی هەڕەمەکـی رێکخـراوی مەبەسـتدارە، لـەو کەسـانە پێکهاتـون کـە وەك «رۆژنامەوانیـی هاووڵاتیـی» لـە هەرێمـی کوردسـتان دا کار ئەکـەن. توێـژەر بـە گشـتیی رۆژنامەوانیـی هاووڵاتیـی لـە هـەر چـوار شـارەکەی هەرێمـی کوردسـتان (سـلێمانی، هەولێـر، دهـۆك و هەڵەبجـە) وەرگرتـووە، (٢٠٠) فۆرمـی بەسـەر سـامپڵی توێژینەوەکـەدا دابەشـکردووە و لـەو ژمارەییـە(١٤٧) فۆرمـی گەڕاوەتـەوە. هەروەهـا شـێوازی چاوپێکەوتنـی بەکارهێنـاوە لـە گـەڵ ئـەو کەسـایەتییانەی کەبەشـێوەیەکی ئەکادیمـی کاریـان کـردووە، لەگـەڵ ئـەو کەسـانەیی کـەوەك رۆژنامەوانیـی هاووڵاتیـی کار ئەکـەن بەشـێوەی پراکتیکـی لەبوارەکـەدا.

توێژینەوەکـە لـە سـەر سێ گریمانـە کاریکـردووە، گریمانـەی یەکـەم: بـۆ دیاریکردنـی پەیوەندیـی ئامـاری ژمارەیـی و بەڵگەیـی بەهێـز لـە نێـوان رۆڵـی ئەپڵیکەیشـنەکانی مۆبایلـی زیـرەك و کاراکردنـی رۆژنامەوانیـی هاووڵاتیـی لـە هەرێمـی کوردسـتان دا هەبێـت یاخـود پێچەوانەکـەی بێـت. گریمانـەی دووەم: بـۆ پێشـبینییکردنی ئامـاری ژمارەیـی و بەڵگەیـی بەهێـز لـە نێـوان بەکارهێنـان و پەسـەندکردنی رۆڵـی ئەپڵیکەیشـنەکانی مۆبایلـی زیـرەك و کاراکردنـی رۆژنامەوانیـی هاووڵاتیـی لەهەرێمـی کوردسـتاندا هەبێـت یاخـود پێچەوانەکـەی بێـت. گریمانـەی سـێیەمیش: بـۆ روونکردنـەوەی ئامـاری ژمارەیـی و بەڵگـەی بەهێـزە لـە نێـوان (رۆڵ)ی ئەپڵیکەیشـنەکانی مۆبایلـی زیـرەك لـە کاراکردنـی رۆژنامەوانیـی هاووڵاتیـی هەبێـت یاخـود پێچەوانەکـەی بێـت.

## توێژینەوەکانی پێشوو

### توێژەر، بە پێویستی زانی توێژینەوەکان بەدوو تەوەر بخاتە روو:

### أ- ئەو توێژینەوانەی  بابەتی ئەپڵیکەیشن و مۆبایلی زیرەك لە خۆئەگرێت:

١- توێژینـەوەی (ئـەرکان جەبـار محمـد) بـە ناونیشـانی (رۆڵـی رۆژنامەوانیـی مۆبایـل لـە بەرهەمهێنانـی هەواڵـی کەناڵـە ئاسـمانییە کوردییـەکان لای میدیـاکاران) سـلێمانی، ٢٠٢١، توێـژەر میتـۆدی وەسـفیی و رووپێویـی بـە شـێوازی شـیکردنەوەی نـاوەڕۆك و رووپێـوی «رای گشـتیی» بەکارهێنـاوە، لـە رووی شـیکارییەوە هەواڵەکانـی هـەردوو کەناڵـی پەیـام و گەلـی کوردسـتانی وەرگیـراون، لـە رووی را پێوییـەوە ٧١ کەسـی لـە میدیاکارانـی هـەردوو کەنـاڵ وەرگیـراوە، ئامانجـی سـەرەکی ئـەم توێژینەوەیـە زانینـی ئـەو هەواڵانەیـە کـە لـەم دوو کەناڵـەدا بەهـۆی ئامێـری مۆبایـل و بەکارهێنانـی ئەپلیکەیشـنەکانی مۆبایلـی زیرەکـەوە بەرهەمهێـنراون. لـە جێبەجێبکرێتـدا گەیشـتووەتە ئـەو جێبەجێبکرێتـەی کـە هـەردوو کەنـاڵ بـە رێژەییەکـی دیاریکـراو مۆبایـل و ئەپڵیکەیشـنەکانی مۆبایـل بـە رێژەیـی جیـاواز بـۆ بەرهەمهێنانی بابەتـی میدیایی و بەتایبەتیـش بـۆ بەرهەمهێنانـی هـەواڵ بـەکار ئەهێنـن.

٢-توێژینـەوەی (سـلمانی عبـد الغنـی، بوشـارب عبـد النـاصر) بەناونیشانی(إسـهامات تطبیقـات الهواتـف الذکیـە فـی ترقیـە جـودە الخدمـات المقدمـە للمتعاملیـن مـع الوکالـە الوطنیـە للتشـغیل ANEM) جزائـر، ٢٠٢١، توێژینەوەکـە لـە سـەر نموونەیـەك لـە داواکارانـی کار بەجێهێـنراوە، بـە بەکارهێنانـی ئامـڕازی راپێویـی و شـێوازی شـیکردنەوەی وەسـفیی، لەسـەر ١١٥ کـەس، هەروەهـا دەریخسـتووە کـە کاربەرنامـەی مۆبایلـە زیرەکەکانـی ئاژانسـی دامەزرانـدن تارادەیـەك بەشـداری لـە باشـترکردنی کوالێتـی خزمەتگوزارییـەکان کـردووە، کـە لەلایـەن ئـەم دامـەزراوەوە دابینکـراوە، وەك تۆمارکردنـی کار بـە ئۆنلایـن و نوێکردنـەوەی کاربەرنامـەکان، هەروەهـا بەشـداریکردنیان لـە پیشـەی بەردەسـت، کـە لەگـەڵ لێهاتوویـان لـە رێگـەی مۆبایلـە زیرەکـەکان گونجـاوە.

ئامانجـی ئـەم توێژینەوەیـە لـە چوارچێـوەی گەڕانـە بـە دوای خزمەتگـوزاری جۆریـی و چۆنێتیی بەرزدایـە، بـۆ

پێوانەکردنی کاریگەریی و دەرجێبەجێبکرێتەکانی بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکانی مۆبایلی زیرەك، بە کوالێتی خزمەتگوزاریی دابینکراو لەلایەن ئاژانسی نەتەوەیی دامەزراندن لە جەزائیر و ئەو کاریگەرییەش لە تێڕوانینی داواکارانی کار، وەك ئامرازێکی ڕاستەقینە بۆ پێوانەکردنی کوالیتیی خزمەتگوزاریی بەکارهێنراوە، هەرچەندە هەندێکیان تێڕوانینێکی ڕەشبینانەیان بەرامبەر ئەم دەستگایە هەیە، چونکە ئەوان لەبەر بارودۆخی ئێستای ئابووریی بە تایبەتیی کە لەگەڵ پەتای (کۆڤید ١٩) هاوکات بوو، کاریگەریی لەسەر هەموو جیهان هەبوو، بەکارەکانیان رازیی نین.

٣-توێژینەوەی (ساره العمری-عزالدین بودربان) بەناونیشانی(إستخدامات تطبیقات الهواتف الذکیه فی ترقیه الخدمات الالکترونیه بالمکتبات الجامعیه) ٢٠٢٠. ئەم لێکۆڵینەوەیە ئامانجی ئەوەیە کە بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکانی مۆبایلە زیرەکەکان لە کتێبخانە و دامەزراوە زانیارییەکاندا بەرچاو بخەن و ڕۆڵیان لە پێدانی روخسارێکی نوێ بە شێوازی تەکنەلۆژیایی بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان دیاریبکەن.

دوای پێشەکی و دەستنیشانکردنی کێشەکە، لێکۆڵینەوەکە باسی لە مۆبایلە زیرەکەکان کردووە و گرنگترین تایبەتمەندیی و سوودەکانییانی خستووەتە بەرچاو و دەستی خستووەتە سەر گرنگترین خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییەکان کە ئاڕاستەیان کراوە، گرنگترین کەموکوریی و ئاستەنگەکانی دەستنیشانکردووە، توێژینەوەکە بە میتۆدی دۆکیومێنتاریی کراوە و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی بۆ دۆکیومێنتەکان و توێژینەوەکانی پەیوەست بە دیاردەکە کردووە، هاوکات لایەنی مەیدانی نییە.

توێژینەوەکە بەو جێبەجێبکرێتە گەیشتووە، کە گرنگە تەکنەلۆجیای مۆبایلی زیرەك و ئەپڵکیشنەکانی تایبەت بە کاری ئەرشیف و کتێبیی ئەلیکترۆنیی لە کتێبخانەی زانکۆکاندا، بەشێوەی ئەلیکترۆنیی گرنگیی بە خزمەتگوزارییەکان بدەن، لە ڕێگەی گەیاندنی خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییە هاوچەرخەکان بە بەکارهێنەران و چالاك بکرێن.

ب- ئەو توێژینەوانەی بابەتی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتیی لە خۆئەگرێت:

١-توێژینەوەی (حلیمه عایش) بەناونیشانی (صحافه المواطن ودورها فی تسییر ألازمات السیاسییه - الحراك الشعبی فی الجزائر أنموذجا ٢٠٢١، ئەم توێژینەوەیە گرنگیی بە هەندێك هەڵسوکەوتیی نوێی بواریی پەیوەندییکردنی سیاسیی ئەکات، کە بەهۆی میدیای نوێوە ئەتوانن ئازادانەتر بیروڕاو سەرنجەکانییان بە هۆی نەبوونی چاودێر و سانسۆر لە بوارەکانی پێوەندیی نوێدا بگەیەنن، ئەمەش وایکردووە کە لە ڕێگەی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتیی و بەشداریکردن و کاریگەریی ڕایگشتیی و بڕیاری سیاسیی نوێ لەسەر گۆڕانکارییە سیاسییەکان درووستبکەن، نموونەی بزووتنەوەی سیاسیی و شۆڕشگێریی وڵاتی جەزائییر لە بواری ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتیی وەرگرتووە، لێکۆڵینەوەکە میتۆدی وەسفیی و ڕێبازی ناخشییکاری کردووە، لە جێبەجێبکرێتدا توێژەر بەم خاڵانە گەیشتووە:

- ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتیی دیاردەیەکی سەردەمییانەیە بە ناچاری بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە بە سەر دەستەڵات و حوکومەتە سیاسییەکان سەپێندراوە و ئارەزووی چاکسازیی ڕێکخراوە سیاسییەکان و کاریگەریی لەسەر ڕایگشتیی ئەبێتە ئەلتەرناتیڤێکی باش بەرامبەر نادادیی و سەرکوتکردنی کۆمەڵگە.

-ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتیی لە گۆڕانکاری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی بەشدارییکردووە، لە ئاستی هەموو چین و توێژەکانی جەماوەر و شوێنە جیاوازەکانی جیهان. لەم ساڵانەی دواییدا ئەم جیهانە ئەلتەرناتیڤە توانیویەتی فشار بخاتەسەر ڕژێمە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتە عەرەبییەکانیش بەتایبەتی و ناچارکردنیان بە گرنگییدان بە

مەسـەلە کۆمەڵایەتـی و سیاسـییەکان.

٢ -توێژینـەوەی (أحمـد بـن حاجـە) بەناونیشـانی (صحافـە المواطـن بیـن المهنیـە و حریـە الـرای والتعبیر)، قاهـرە، ٢٠٢٠، میتۆدی توێژینەوەکـە وەسـفییە و توێـژەر هەوڵیـداوە بـە ڕێبـازی ناخشـیکاریی بـاس لەلایەنـی تایبەتمەنـدی و پێناسـە و لایەنـی باشـە و خراپـەی ڕۆژنامەوانیـی هاووڵاتیـی بـکات، ڕۆژنامەگەرییـی هاووڵاتیـی بەکۆمەڵێـك هەڵوێسـتی تەندرووسـتەوە بـۆ ڕۆڵـی ڕۆژنامەگەرییـی نەریتـی دیاریئەکرێـت، هەوڵـەدات بیـر لـە ئایدیـا دیموکراتییـەکان بکاتـەوە و پشـتیوانی بـکات، کـە هاووڵاتییـان بـە دوای ئـەوەوەن چارەنووسـی خۆیـان دیـاری بکـەن و بەرەنگاریـی داهاتوویـان ببنـەوە، میدیـا لـە میکانیزمەکانـی پـەروەردە و قۆرخکاریـی کـە لەلایـەن دەسـتەڵاتە سـتەمکارەکانەوە پیادەکـراوە ڕزگاربـکات و هەروەهـا ڕۆڵـی تەواوکـەری میدیـا ببینێـت. لـە جێبەجێبکرێتـدا توێـژەر پێـی باشـە کـە کار لەبـواری میدیـای دیجیتاڵـدا بکرێـت و یاسایی بکرێـت و بـە ئـازادی بـەکار بهێنرێـت، هاوتەریـب لەگـەڵ خـراپ بەکارنەهێنانـی ئینتەرنێتـدا و کارکـردن بـۆ پەرەپێدانیـی ڕۆژنامەگەرییـی هاووڵاتیـی لـە پێنـاو پەرەپێدانـی ئـازادی ڕادەربڕیـن و بیـروڕا، پێویسـتە سیسـتەمێکی یاسـایی گشـتگیر بـۆ هەمـوو لایەنەکانـی پێوەندیـدار بـە ئامرازەکانـی زانیاریـی و گەیانـدن دارووسـتبکرێت.

٣-توێژینـەوەی (بنایلـی سـمیحە، بوزیـدی ربیعـە، هجولـی عـمار) بـە ناونیشـانی (اراء الاعلامییـن لولایـە المسیلە، نحـو صحافـە المواطـن) جزائیـر ٢٠٢٠، ئـەم توێژینەوەیـە دوو بـەش لـە خۆئەگرێـت، لـە بەشـی یەکەمـدا بـاس لـە میدیایـی نـوێ و هۆکارەکانـی و زۆربوونـی تۆڕەکۆمەڵایەتییـەکان و بلۆکـی ئەلیکترۆنییـی و کاریگەرییـان لەسـەر ژیـان ئـەکات، لـە باسـی دووەمـدا سـەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەرییـی هاووڵاتیـی و چەمکەکـەی و زاراوەی هاوشـێوە کـە لێکۆڵـەرەکان جیاوازییـان لەگـەڵ بنەمـاو شـێوەکانیان و بەکارهێنانیـان هەبـووە، هەروەهـا میتۆدیـی ڕووپێویـی و وەسـفیی شـیکاریی بەکارهاتـووە، لەگـەڵ فۆرمـی ڕاپرسـیی بـۆ وەرگرتنـی داتـا و زانیارییـەکان و ڕای کەسـە ڕاگەیاندکارەکانـی وەرگرتـووە و شـیکردنەوەی بـۆ کـراوە. لـە سـەر ڕۆژنامەوانیـی هاووڵاتیـی لـە هەرێمـی المسیلە، لـە وڵاتـی جەزائییـر، توێـژەر گەیشـتووە بـەوەی، کـە تۆڕەکۆمەڵایەتییـەکان لـە جیهانـی نوێـدا، نوێنەرایەتیـی سیسـتەمێکی پێوەنـدی لەسـەر بنەمـای میدیایـی ئابووریـی و نـاوەڕۆك و مۆدێلـی نـوێ ئـەکات، کـە ئینتەرنێـت نوێنەرایەتیـی ئـەکات. هەروەهـا، جیهانیبـوون کـە لەلایـەن میدیایـی نوێـوە بەرهـەم ئەهێنرێـت، بەشـداریی لـە پێکهێنانـی تەکنەلۆجیایـی زانیارییـدا ئـەکات، کـە جیهانـی نـوێ پەخشـی ئـەکات، پەیوەسـت بـە لاپـەڕەی تایبەتـی خۆیـان لـە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانـدا هەیـە، کـە ڕۆژنامەنووسـانی بـاو وەك ڕەنگدانەوەیەکـی ئاسـایی دەبینـن، چونکـە ئازادیـی ڕەهـا بەبـێ سـنوور بـۆ ڕادەربڕیـن و بڵاوکردنـەوە دابیـن ئـەکات.

## بەشی دووەم

### چەمكو ناساندنی مۆبایلی زیرەك و ئەپڵیکەیشنەکان

### یەکەم: ناساندن و پێناسەی مۆبایلی زیرەک

بەهۆیـی گەشـە و پێشـکەوتنەکانی بواریـی تەکنەلۆجیـا و بەکارهێنانیـی ئامێـرە پێشـکەوتووەکان، چەندەهـا واژەیـی نـوێ لـە نێـو دەسـتەواژەکاندا سـەریهەڵدا، بەتایبەتیـش لـە بـواری پێوەندیـی و میدیاییـدا، یەکێـك لـەو دەسـتەواژانە مۆبایلـی زیـرەك (smartphone) بـوو.

چەنـد ناوێـك لـە مۆبایـل نـراوە وەك: مۆبایلـی گواسـتراوە، مۆبایلـی شـانەیی، مۆبایلـی هەڵگیـراو، مۆبایلـی گـەڕۆك یـان

مۆبایلی زیرەك یان مۆبایلی جوڵاو، واتە ئەو مۆبایلانەیی بەسیستەمی کارپێکردنی: Android ، IOS, Windows, کار ئەکەن، کە بەکارهێنەران ئەتوانن ئینتەرنێت و ئیمەیڵ و بەرنامەکان، خزمەتگوزاری تەلەفۆنیی وەك پێوەندیی و SMS و کامێرا بەکاربهێنن. (علی، ٢٠٢١، ٤٣٥)

جیاوازیی نێوان مۆبایلی زیرەك و کۆنباو ئەوەیە کە ئەرکی ژمارەیی (دیجیتالی) پێشکەوتوو پێشکەش ئەکات، مۆبایلی زیرەك بەوە جیاکراوەتەوە توانای پێوەندییکردنی لەرێگەیی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە هەیە، بەکارهێنەران ئەتوانن سەیری پەڕەکانی ئینتەرنێت بکەن بە ئاسانی، ناردن و وەرگرتنی نامەی ئەلیکترۆنیی جێبەجێبکرێت بدەن، توانای دابەزاندنی ئەپڵیکەیشەنی جیاوازیی لە رێگەی ئینتەرنێتەوە هەیە. (Dave & Perritano ٢٠٠١).

توێژەر (ئەحمەدی) پێناسەی مۆبایلی زیرەك ئەکات: ئامێرێکی تازەی پێشکەوتووە و کار بەسیستەمی پێشکەوتووی وەك(IOS)و (Android) ئەکات، لە رێگەیەوە ئەتوانرێت کۆمەڵێك ئەرکی جیاواز ، وەك ناردنی نامە بە هۆی پێوەندییە جۆر بەجۆرەکان، سەیرکردنی پێگەکانی ئینتەرنێت و مۆنتاژکردن و کارپێکردنی فایلی دەنگی و بینراو جێ بەجێ بکات. (الاحمدی، ٢٠١٩، ٣٥)

توێژەر (الحجار) بەوە پێناسەی ئەکات: کە مۆبایلی زیرەك بریتیە لەو ئامێرە گەڕۆکەی کە توانای ژمێرەیی و پێوەندییکردنی زیاتر لە ئامێرێکی ئاسایی هەیە، کاری سەرەکی تەنها پێوەندییکردن بوو، بەڵام لەگەڵ بەستنەوەی بە تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە، بەکارهێنەر دەتوانێت کاربەرنامەکان بە ئاسانی دابەزێنێت و جێگیریان بکات بەپێی جۆر و سیستەمی مۆبایلەکە. (الحجار، ٢٠١١، ٢٣)

توێژەر (المطیری) پێناسەی مۆبایلی زیرەك ئەکات کە: ئەو ئامێرەیە دەتوانێت پێشوازی و ناردنی گفتوگۆی دەنگیی و ڤیدیۆیی بکات و یارمەتیی کردنەوەی فایلەکان و گواستنەوەیان ئەدات، فەراهەمکردنی خزمەتگوزاریی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و بەستنەوەی بەئیمیلی ئەلیکترۆنیی و خزمەتگوزاریی پێوەندیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. (المطیری & القحطانی، ٢٠١٩، ١٢٠)

لە فەرهەنگی ئێکسفۆرد(Oxford)دا هاتووە: نموونەی مۆبایلی گەڕۆکە و ئەرکەکانی ئامێری ژمێرییەی(دیجیتاڵی) ئەکات، ئەتوانین بە کاری بهێنین بۆ گەیشتن و بەکارهێنانی ئینتەرنێت و پاڵپشتی تۆڕی وایەلێس(wifi) ئەکات. (American Advanced Oxford ، ٢٠١٨)

فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدیایی تەکنەلۆژیی و زانیاریی و ئینتەرنێت، پێناسەی ئەکات: مۆبایلێکی گەڕۆکە توانایەکی جیاوازیی هەیە و لە رێگەیەوە چەند خزمەتگوزارییەك پێشکەش ئەکات، وەك: سەیرکردنی پێگەکانی ئینتەرنێت و خزمەتگوزاری ئیمەیڵی ئەلیکترۆنیی و خوێندنەوە و بەدەستهێنان و دابەزاندنی بەڵگەنامە ئەلیکترۆنییەکانی وەك: فایلی وۆرد(word)و پیدیئێف(pdf)، (لموشی، ٢٠١٨، ١٤٨)

توێژەر لە وردبوونەوەی لە پێناسەکان، مۆبایلی زیرەك پێناسە ئەکات بە: ئامێرێکی ژمێرەیی زیرەکە و بە سیستەمێکی پێشکەوتووی تەکنەلۆجیا و پێوەندییکردن کارئەکات لە رێگەی دەست لێدانەوە، بەکارهێنەر دەتوانێت لاپەڕە و پێگەکانی تۆڕی ئینتەرنێت بەکاربهێنێت، لە کاتێکدا بەسترابێتەوە بەخزمەتگوزاری ئینتەرنێتی بێ تەل(wifi) و بە ئاسانی ئەپلیکەیشەنەکان دابەزێنێت، لە رێگەی ئەم ئامێرەوە کرداری پێوەندییکردن و چات و خۆ رۆشنبیرکردن و کات بەسەربردن و بڵاوکردنەوە و بابەتی میدیایی و پەخشی راستەوخۆ بکەن.

دووەم: ناساندن و پێناسەی ئەپڵیکەیشنەکانی مۆبایل (Mobile Apps)

کۆمپانیا جیهانییە پێشکەوتووەکانی بواری مۆبایلی زیرەك لە شۆڕشێکی پێشبڕکێدان بۆ پێشکەشکردنی باشترین

ئەپڵیکەیشن و مۆبایلی زیرەك، لە ڕێگەی سیستەمێکی کارپێکردنی پێشکەوتوو تایبەتمەند، بە شێوەیەك دیزاینکراوە بگونجێت لە گەڵ پێوانەی شاشە و مۆبایلەکەدا، هەروەها لەگەڵ داواکاریی پێوەندییکردنی تۆڕەکانی بێتەل و تۆڕی ئینتەرنێت و مانگی دەستکرد بگونجێت، وشەی ئەپڵیکەیشنەکان یان کاربەرنامەکان واژەیەکی فراوانە لە بەکارهێنانی بەرنامەکان کەکار ئەکات لە سەر جۆرە جیاوازەکانی ئامێرەکانی وەك: ئایفۆن(Iphone) ئای پاد(Ipad) گالاکسی(Galaxy) کە یارمەتیان ئەدات بۆ کارکردن بە بەهرە و شارەزاییەکی زیاتر. (مصطفی, ٢٠١٨)

ئەپڵیکەیشنەکانی مۆبایلی زیرەك لە گرنگترین خاسیەتە جیاکەرەوەکانی مۆبایلی زیرەکە، چونکە کاری پێوەندیی و بەشداریی و کاریگەریی لە نێوان بەکارهێنەران بە شێوەیەکی ئاسان بەجێئەهێنێت. (یونس) پێناسەی ئەپڵیکەیشنەکانی مۆبایلی زیرەك ئەکات بە: «کۆمەڵێك بەرنامەی دیزاینکراوە بۆ کارپێکردنی مۆبایلی گواستراوە و بەستراوەتەوە بە ئینتەرنێتەوە بۆ جیاکردنەوە و بەکارهێنانی بە شێوەیەکی ئاسان لە لایەن بەکارهێنەرانەوە». (یونس، ١١،٢٠١٦)

ئەپڵیکەیشنی مۆبایلی زیرەك ئەتوانرێ وەك: تەکنەلۆجیایی پشتگیریی مۆبایل پێناسە بکرێت، وەك ستانداردەکان، سیستەمیی کارپێکردن، پلاتفۆرمەکان، وێبگەڕەکان، و نەرمەواڵەی شێوەپێدانی فایل، تەرخانکراو بۆ پیشاندان و پشتگیریکردن و کارپێکردنی مۆبایلی زیرەك. (الغنی & عبدالناصر، ٢٠٢١، ٤٣)

توێژەر (الشمرانی) پێناسەی کاربەرنامەکانی مۆبایلی زیرەك ئەکات: «ئەو مۆبایلە گەڕۆکەیە کە لێکدراوە لە نێوان تایبەتمەندی مۆبایلی گەڕۆك و تایبەتمەندییەکانی ژمێرەیی (دیجیتاڵی) لاسلکی و ئەتوانرێت کاربەرنامەکان دابەزێنرێت و سەیری پێگەکانی ئینتەرنێت بکات». (الشمرانی، ٢٠١٨، ١٨٥)

پێناسەکراوە بە: «کۆمەڵێك کاربەرنامەن لەناو مۆبایل، خزمەتگوزاری تەکنەلۆژیی بە سیستەمی کارپێکردنیی پێشکەوتوو و کاریی جیاوازیی تیادایە، کە پاڵپشتی لە بەرنامەکانی وێنە و بەشداری ڤیدیۆیی و خزمەتگوزاریی بەشداریی پێگەکانی ئینتەرنێت و پەیوەندیی ئیمەیڵی ئەلیکترۆنیی و کردنەوەی فایلەکان بەسیستەمی ئۆفیس و خزمەتگوزاریی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پێشکەش ئەکات، هەروەها خزمەتگوزارییە جێبەجێکارییەکانی تەواوی ئامێرێکی کۆمپیوتەر جێ بەجێ ئەکات». (اسماعیل, محمد، توفیق، ٢٠١٩، ٥٨)

ئەپڵیکەیشنەکان بۆ کارپێکردنی مۆبایلی زیرەك یان تابلێت دیزاین کراون، لە کۆمەڵگەدا زۆر بەربڵاون و ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە ژیانی ڕۆژانەمان، بەکارهێنەر دەتوانی ئەرکی ڕۆژانەی خۆی جێبەجێ بکات، هەروەکو ئامێرێکی تایبەتیی وەك گەڕان و ئیمەیڵی تایبەتی، ئەم کاربەرنامانە بەردەستن لە کۆگاکانی کاربەرنامەی تەلەفۆنی وەك گۆگڵ پلەی (google play store)، فرۆشگای ئەپڵ (apple store)و ئەوانی تر، پەرەسەندنیی کاربەرنامەکانی مۆبایلی زیرەك و دیزاینەکەی پەیوەستە بەجۆری ئامێرەکە خۆی.(Taba, ٢٠١٤, ٣٨)

توێژەر پێناسەکان کورت ئەکاتەوە لە: ئەو سۆفتوێرانەن کە لەسەر مۆبایلە زیرەکەکان کار ئەکەن و لەڕێگەی کۆگا ئەلیکترۆنییەکانەوە دائەبەزێنرێت، هەر کۆگایەك سیستەمی کارپێکردنی خۆی هەیە، بەکارهێنەر کارلێك ئەکات لەگەڵ ئەم بەرنامانە کەسیستەمی دیزاینی تایبەتیی خۆیان هەیە و، ئەم کاربەرنامانە خزمەتگوزاریەکانیان پێشکەش ئەکەن بۆ بەکارهێنەران بە خۆڕایی یان بە کڕیین.

یاخود بریتییە لە کۆمەڵێك تەکنیکی ئەلیکترۆنیی نوێ، لە بواری پێوەندییکردندا، وەك بەرهەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیایی ڕاگەیاندن و پێوەندیکردن لە ڕێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە کە بەستراوەتەوە بەمۆبایلی زیرەك و ئامێرەکانی ترەوە وەك دیاردەیەکی پێوەندییکردنی چالاك لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ لە ڕێگەی جۆرە جیاوازەکانی پێگە و سایت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە. بەکارهێنەر دەتوانێت کاربەرنامەکان دابەزێنێت و جێگیریان بکات و بەکاریان

بهێنێت. بەمەبەستی بەرهەمهێنانی بابەتی میدیایی، ئەپلیکەیشنەکانی مۆنتاژ و وێنەگرتن و گرتەی ڤیدیۆیی و دەنگیی و گرافیك و ئەنیمەیشنەکان بەکاربهێنێت.

سێیەم: گرنگیی مۆبایل و ئەپلیکەیشنەکان بۆ کاری میدیایی

مۆبایلی زیرەك و تەکنەلۆجیای ئینتەرنێت، هاوکاریی هاوولاتییان و رۆژنامەنووسان و دەستگا راگەیاندنەکان ئەدات کار لەناو جیهانی فراوانی تەکنەلۆجیادا بکەن و سودی لێ وەربگرن بۆ راییکردنی کارەکانیان، بەکارهێنەران بەهرە و تواناکانی خۆیانی تیادا بدۆزنەوە و سوود لەم کاربەرنامانە وەربگرن، کە بە ئاسانی و بەخێرایی ئەتوانن پێوەندیی بکەن و کارەکانیان جێبەجێ بکەن، بەتایبەتیش دەستگا راگەیاندنەکان کەسودێکی زۆرییان لەم پێشکەوتنە تەکنەلۆژییایە وەرگرتووە، کە ئەتوانرێت لە مانەدا دیاریان بکەین:

-باشترکردنی ئەدا: لەرێگەی بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك و کاربەرنامەکانەوە دەستگاکانی راگەیەناندن ئەتوانن لە کاتی خۆیدا کارەکانیان جێبەجێ بکەن، بە تێچووی کەمتر لە جاران لە رێگەی بەکارهێنانی بەرنامەکانی پێوەندیی ئۆنلاین.

-فێربوون و پێدانی زانیاریی: لە رێگەی بەرنامەکانی مۆبایلەوە دەستگاکانی راگەیەناندن ئەتوانن زانیاریی و هەواڵ و رووداوەکان بڵاو بکەنەوە، بۆ ئەوەی ئامانجی بەرنامەکانیان لە بەرزکردنەوەی کارامەیی و هۆشیارییدا بەدەست بهێنن.

- کۆکردنەوەی زانیاریی و داتاکان: کاربەرنامەکانی مۆبایل ئامرازێکی ئاسان دابین ئەکەن، بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لەکاربەرنامە تایبەتمەندەکان بۆ ناردنی داتاکان لە رێگەی ئینتەرنێت و کۆکردنەوە و شیکردنەوە و هاتنەدی ئامانجەکان. (Kalorth & Sagar ،٢٠٢٠، ١٤)

-کارەساتو رووداوی لەناکاو: لە رێگەی مۆبایلی زیرەك و کاربەرنامەکانەوە ئەتوانرێت باری نائاسایی و کارەسات تۆمار بکرێت و، ئەم زانیارییانە بگوازرێتەوە بۆ هەموو جیهان بە ناردن و وەرگرتنی پەیامی یارمەتی و هاوکارییکردن.

-ئامادەکردنی راپۆرت: لە رێگەی ئەپلیکەیشنەکانی مۆبایلی زیرەکەوە ئەکرێت هەواڵ و چالاکیی و ژەنەرەکانی تری رۆژنامەوانیی تۆمار و پەخش بکرێت بۆ جیهان بە شێوازی پێشکەوتوی تۆمارکردنی دەنگ و وێنە و ڤیدیۆ و پێوەندیی ئینتەرنێت.

- گەڕان و دیاریکردنی شوێن: مۆبایلەکان (GPS) بە پێی پێویستی بەکارهێنانی ئامێر و بەرنامە ئاڵۆزەکان دابین ئەکەن، ئەم خزمەتگوزارییە سوودی لێ وەرئەگیرێت، بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی لە ناوچە دوورە دەستەکان کار ئەکەن. (مرکز هردو، ٢٠١٦، ١٥)

# بەشی سێیەم

## میدیای نوێ و رۆژنامەوانیی هاوولاتیی

### یەکەم: ناساندن و پێناسەی رۆژنامەوانیی هاوولاتیی

لە دەیەی رابردوودا، دیارترین گۆڕانکاریی لە سەر ئاستی میدیا سەرهەڵدانی دیاردەی رۆژنامەوانیی هاوولاتیی (citizen journalist)بوو، فۆرمێکی نوێی نا پیشەیی رۆژنامەوانییە. لە گەڵ پێشکەوتنی ئەم فۆرمەدا، رۆژنامەوانی هاوولاتیی گەورەترین گفتوگۆی لە سەر ئاستی میدیا و ناوەندەکانی توێژینەوەکان لەولاتانی پێشکەوتوو لەسەر ئەکرێت. (بعزيز، ٢٠١٢، ١٧٣)

ئەم دیاردە میدیاییە لە رووی پاشخانی زانستیی و ئەو بارودۆخەی تیایدا دەرکەوتووە لە رووی تازەییەوە زۆر

راو و بۆچوون و ناوی جیاواز لە رووی چەمكو ناونانەوە هەڵئەگرێت و کۆمەڵێك واژەی بۆ بەکارهێنراوە وەك:
-رۆژنامەوانیی هاووڵاتیی (citizen journalist) یان میدیایی هاووڵاتیی (citizen media) لەلایەن توێژەریی کۆلۆمبی (کلیمینسیا رودریغیز Clemencia Rodriguez) لە٢٠٠١دا.( rodriguez، ٢٠١١) رۆژنامەگەرییی بەشداریی (participatory journalism) لە لایەن توێژەران (بومان و ولیس- Bowman and Willis)لە٢٠٠٣دا.
(میدیایی دیموکراتی- democratic media) لەلایەن توێژەر (هاكات و كارول - Hackett and Carroll)لە٢٠٠٦دا.
(رۆژنامەوانیی سەرشەقام-street journalism). (میدیایی بەدیل- alternative media). (رۆژنامەوانیی جەماوەری- public journalism). (رۆژنامەوانیی میللی - grassroots journalism) لەلایەن توێژەر (دان غیلمور Dan Gillmor) لە ٢٠٠٤دا ناوەی لێنراوە.(Gillmor، ٢٠٠٤، ٥٨) میدیایی کراوە (open-source media) لەلایەن توێژەر(Andrew leohard) لە ٢٠١٣دا ناوی لێنراوە.( carroll، ٢٠٠٦، ٨٣) رۆژنامەوانیی هاوكارییكردن (journalism Collaborative)، رۆژنامەوانیی سەرەتایی (journalism Amateur)، رۆژنامەوانیی تۆڕ (journalism Network)، رۆژنامەوانیی شارستانیی (journalism Civic)، (سلامە، ٢٠٢٠، ٩٥) هەروەها دوا ناو کە وەسفی ناوەرۆکی بەرهەمهێنراوی هاووڵاتیی ئەکات ئەویش (User Generated Content)كورتكراوەتەوە بۆ(UGC). (٢٠٠٧، ( Moyers
شارەزایانی بواریی راگەیەناندن پێیان وایە هەم رۆژنامەوانیی هاووڵاتیی و هەم رۆژنامەوانیی بەشداریی ئەو ناوەڕۆکەیە کە لەلایەن بەکارهێنەرانەوە دەستەبەر ئەکرێت، ئەو تێگەیشتنەیە کەوا لە خوێنەران و بینەران ئەکات بەشداریی ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان بکەن. ئەمەش هەوڵێکە لە لایەن دەستگاکانی راگەیەناندن بۆ زیاتر کارلێککردن لە گەڵ جەماوەردا، بەشداربووان لەم پرۆسەیەدا بە «رۆژنامەوانیی هاووڵاتیی» ناوئەبرێن، چونکە ئەوان کارمەندی رێکخراوێکی میدیای نین و ناوەڕۆك بابەتەکانیشیان بە شێوەیەکی ئاسایی لە سەر ئەو واڵانەی رێکخراو و دەستگا میدیاییەکان بڵاوئەکرێتەوە. (مكسور، ٢٠١٨، ١٩)
پێناسەیەکی رەزامەندانە بۆ چەمکی رۆژنامەوانیی هاووڵاتیی نییە، کە رەنگدانەوەی بینینی ئەکادیمی و توێژەرانی بواری میدیا بێت، بەڵام (دجای رۆزن)١، رۆژنامەوانی هاووڵاتیی بەو جۆرە پێناسە ئەکات : «رۆژنامەوانیی هاووڵاتیی ئەو کاتەیە کە رای-گشتیی دروست ئەکات «، هەروەها ئەڵێت: «رۆژنامەوانیی هاووڵاتیی لە ناو کۆمەڵانی خەڵك دەرکەوت، کە ناسراون بەجەماوەر و ئامرازە رۆژنامەوانیەکانی لەدەستدایە، بۆ ئەوەی بەکەسانی تر بڵێن دەربارەی رووداوێکی گرنگ، ئەمە رۆژنامەوانی هاووڵاتییە». (بن زعیر، ٢٠١٧، ٢٥٥) بیرمەند هاوارد رێینگۆڵد ئەڵێت: «من پێموایە ئەوانەی خۆیان بۆ ناوبانگێکی باش و بەدەستهێنانی هەواڵی دروست و بەدەستهێنانی پێشینەی هەواڵ ئەکەن، پێویست ناکات کار بۆ واشنتن پۆست یان نیویۆرك تایمز بکەن»، رۆژنامەوانیی هاووڵاتیی زاراوەیەکە کە هێما بۆ ئەندامانی جەماوەر بە(گشتیی) ئەکات کە رۆڵی کارا لە کۆکردنەوە و گواستنەوە و شیکردنەوە و بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی هەواڵ و زانیاریی لە سەر ئامرازە جۆراو جۆرەکانی وێب و واڵی تایبەتیی و کەسییان ئەکات. (مرکز هردو، ٢٠١٦، ٥)
هەروەها توێژەران (شاین برۆمان و کریس ویلیس) پێیان وایە: چالاکیی هاووڵاتییانە و رۆڵێکی راستەوخۆ ئەبینێت لە پرۆسەی کۆکردنەوە و بژارکردن و شیکردنەوەی هەواڵدا و، ئەم بەشداریکردنە بە مەبەستی دابینکردنی زانیاریی ورد و باوەڕپێکراو و سەربەخۆ جێبەجێ ئەکرێت، کە وەڵامدانەوەیەکە بۆ خواستی دیموکراسیی، پێگەیی ئەلیکترۆنیی بەناوی ئێمە میدیاین (We The Media)نووسیویەتیی: ئێمە لە سەرەتای سەردەمی زێڕینی رۆژنامەگەرییی و راگەیاندنین کە پێشتر نەمان بینیوە، زۆرێك لە شارەزایان پێشبینیان کردووە لە سەدا ٥٠ ی

١ - رەخنەگری رۆژنامەوانی و پرۆفیسۆری بواری رۆژنامەنووسیی و مامۆستای میدیایە لە زانکۆی نیویۆرك.

بەرهەمی میدیایی ساڵی ٢٠٢١ لە لایەن ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتییانەوە جێبەجێبکرێت. (صادق، ٢٠٠٩، ٣٤)

دکتۆر (جەمال الزرن) ئاماژەی بەوە کرد کە هەم زاراوەیەکی ڕاگەیاندن و هەم پێوەندییکردنە لە یەك کاتدا، لە ئاستی مێژوویشدا تازەیە و لە دەرکەوتندایە، واژەیەکە کە لە بارەی چەمکەوە ناجێگیرە، ئەو وای دائەنێت کە چەمکی ڕۆژنامەگەرییی هاووڵاتیی پشت بە:

١ - ئینتەرنێت وەك فەزای بڵاوکردنەوە و دەربڕینی بیر و ڕاوە بەندە .

٢ - تەئکیدکردنەوە لە بوونی هاووڵاتییان لە کاروباری گشتیی و پشتیوانییکردنی پراکتیزەکردنی دیموکراسیی .

٣- بە لە بەرچاوگرتنی دەرهاویشتەکانی ڕۆژنامەگەریی هاووڵاتیی وەك درێژکراوەی ئاماژەکانی میدیایی جێگرەوە و ڕۆژنامەگەریی بەدیل. (الزرن، ٢٠٠٩، ٥٨)

دکتۆر (یاس بەیاتیی) ئەڵێت: «پێویستە هەموو هاووڵاتییەك ڕۆژنامەنوسێکی سەرپێی و لە داهاتوو بێت و، کۆنترۆڵی کات و کاریگەریی ڕووداوەکان بکات، هیچ دەستگا و دامەزراوەیەکی هەواڵیش ناتوانێت لە سەر هەموو شەقامەکان ڕۆژنامەنووس بڵاوبکاتەوە، بووەتە دیاردەیەك کە ناتوانین پشتگوێی بخەین». (قیراد، ٢٠٢٠، ٧٨٩)

دەرکەوتن و گەشەکردنی مۆبایلی زیرەك و لە خۆگرتنی تایبەتمەندیی کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوە تەکنیکییەکانی پێوەندییکردن وایکردووە کە ئەمڕۆ ببێتە بە ناوبانگترین و بەربڵاوترین لە هەموو جیهاندا، (s-cave ،٢٠١٩) هەندێکجار تێکەڵاویی لە نێوان « ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتیی» و «ڕۆژنامەوانیی مۆبایل» ئەکرێت، بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی ملیارەها ڕۆژنامەنووس مۆبایل بەکارئەهێنێت، لە کاتێکدا بە بلیۆن بەکارهێنەری مۆبایلی زیرەك هەیە. بەڵام ڕۆژنامەوان و ڕاهێنەری ڕۆژنامەوانیی مۆبایل (گلێن مولکاهی) لە گەڵ ئەم بۆچوونەدا هاوڕایە و ئەڵێت: «ڕۆژنامەگەریی پیشەیە کە پێویستە بە باشی بخوێنرێت و تێبگەن لێی، ئەوە نییە هەر کە ئامێرێکت هەیە و ناوەڕۆکی ڤیدیۆیی بەرهەم ئەهێنێت یان وێنەی باش بگرن و ببێت بە ڕۆژنامەنووس، بەڵکو ڕۆژنامەنووس پیشەی مۆبایل بە تەواویی جیاکراوەتەوە لەوەی ناوەڕۆك و دروستکراوە لە لایەن بەکارهێنەران پێی ئەوترێت ( User Generated Content). (برارمە، ٢٠١٥، ٢١٣)

توێژەر مارك گلایسر (Mark Glaser) پێی وایە: بیرۆکەی پشت ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتیی ئەوەیە کە ئامرازی تەکنەلۆجیای مۆدێرن و تۆڕی ئینتەرنێتی جیهانی ئەتوانرێت لەلایەن ئەو کەسانەی، کە هیچ ڕاهێنانێکی ڕۆژنامەوانیی پیشەییان وەرنەگرتووە بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی ڕاستیەکانی میدیا بە تەنها یان بە هاوکاریی ئەوانی تر درووست و بڵاوبکەنەوە. (Glaser, ٢٠٠٤)

ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتیی بە سادەیی و ڕێکەوت هاووڵاتییەکە کە ڕووداوێك بەڵگەنامە ئەکات، لە کاتێکدا لە شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکەیە، ئەم هاووڵاتییە توانیویەتی ببێت بە پەیامنێرێك لە مەیدانەکەوە و زانیارییبگوازێتەوە بە ئامرازە تەکنەلۆژییەکانی پێوەندییکردن. (حلاوە، ٢٠١٥، ٧)

توێژەر پێناسەی هاووڵاتیی ڕۆژنامەنووس ئەکات بە: هەر هاووڵاتییەکی ئاسایی بتوانێت بابەت و زانیاریی و وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی، یان دانانی دەقێکی دیالۆگ بڵاوبکاتەوە بە بەکارهێنانی ئەپلیکەیشنەکانی مۆبایلی زیرەك لە پێگەکانی بەستراو بە تۆڕی ئینتەرنێت لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و بلۆگەکان و سایتەکانی چاتکردن، بتوانێت بڕاری بابەت و زانیارییەکان بکات پێش پەخش و بڵاوکردنەوە و ڕایەکی گشتیی درووست بکات. ئەژماری هاووڵاتیی ڕۆژنامەوانیی بۆ ئەکرێت.

توێژەر وای ئەبینێت؛ کە جیاوازیی نێوان پێناسەکان ئەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی لایەنی زانستیی و ماوەی کات و جیاوازیی شوێنەکان، هەروەها تازەیی بابەتەکە و دەرنەکەوتنی پێکهاتە سەرەکییەکانیش کاریگەرییی خۆیان هەیە، جگە لە جیاوازیی پێناسەکان لەلایەن کەسانی پیشەیی و کەسانی بەهرەداری خۆیی.

دووەم: دەرکەوتن و گەشەکردنیی ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتیی لە هەرێمی کوردستان دا

آ- دەرکەوتن و هۆکارەکانی

هەرێمی کوردستان بێبەش نەبووە لەم پێشکەوتنە تەکنەلۆژییانە، بەتایبەت دوای گەیشتنی هێڵەکانی ئینتەرنێت، مێژووی دەرکەوتنی ئینتەرنێت ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٩٩)، ئەم دواکەوتنەش ئەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری سیاسیی و ئابووریی کە ناوچەکە پیایدا تێپەڕبووە، ئامانجی یەکەمیش لە هێنانی ئینتەرنێت بریتی بوو لە پێوەندیکردن بە جیهانی دەرەوە. (عبدالرحمن، ٢٠٠٤ :٦٦) هەرچەندە لە چەند کۆمپانیایەکی بچووک و بەتوانای کەمەوە بوو، سەرەتا بەدانانی سەنتەرەکانی ئینتەرنێت دەستیپێکرد و، هاووڵاتییان ئەیانتوانیی لە ڕێگەی ئەو سەنتەرانەوە ئینتەرنێت بەکاربهێنن، لە ساڵی (٢٠٠٩) بەکارهێنانی ئینتەرنێت قۆناغێکی نوێی بەخۆیەوە بینیی، بە بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی پێگەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی لە نێوان گەنجان بە گشتیی و گەنجانیی زانکۆ بە تایبەتیی، هۆکاری ئەو فراوانبوونەش ئەگەڕێتەوە بۆ هەرزانیی نرخ و زۆربوونی سەنتەرەکان و فراوانبوونی پێگەکان، کە بوو بە پێویستییەکی سەرەکیی لە ژیانی گەنجاندا. (أسعد، ٢٠٠٢ ،١٥٦) پاشان بە هۆی پێشکەوتنە خێراکانی تەکنەلۆجیا و کۆمپانیاکانی گەیاندنەوە هێڵی ئینتەرنێت گەیشتە دەستگا میدیاییەکان و دواتریش گەیشتە ماڵەکان، کۆمپانیاکانی دابینکردنی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت بەهەموو جۆرەکانییەوە ژمارەییان ٤٢ کۆمپانیان لەکوردستان. (gov.krd)

پاشان هاوردەکردنی ئامێری مۆبایلی زیرەك لە ساڵەکانی سەرەتای دوو هەزارەکان و بەستنەوەیی بەهێڵی ئینتەرنێتەوە، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیی و شۆڕشی ئەپەکان و پەرەسەندنی نەوەی چوارەم و پاشان نەوەی پێنجەم، کە هاوکات بوو بە پێشکەوتن و تەقینەوەی شۆڕشی ئەپەکان (Apps Revolution) ڕۆڵێکی دیاریی لە گۆڕینی شێوە و ڕووخساری ژیان هەبوو، زۆر بواری جیاوازییی میدیایی کەپێشتر پێویستی بەپرۆسەیەکی ئاڵۆز و چەندەها کادیری بەتوانا بوو بۆ بەڕێوەبردن و بەرهەمهێنان. ئەمڕۆ هەمووی لە چەند ئەپلیکەیشنێکدا ڕێکخراوە و بەهۆی مۆبایلە زیرەکەکەی دەستمانەوە، پرۆسەی بەرهەمهێنانەکە لەلایەن تاکە کەسێکەوە کە پێی ئەوترێت (ڕۆژنامەوانیی هاووڵاتیی) بە ئاسانیی جێبەجێبکرێت، « پێوەندیی بە تایبەتمەندیی و سرووشتی ئەو ئەپڵیکەیشنانەوە کە بە هۆی پێشکەوتنی زانستیی و تەکنەلۆژیی و هاتنەکایەی ئینتەرنێت و دواتر میدیای نوێ و پلاتفۆرمەکانی سەکۆ جیاوازەکانی سۆشیال میدیا هەیە، بەردەستی مۆبایلی زیرەك وا ئەکات کەزۆربەی بەکارهێنەران ڕۆڵیان هەبێت لە خێرا بڵاوکردنەوەی بابەتی میدیایی».(چاوپێکەوتنی توێژەر-هێرش ڕەسوڵ)٢ هەروەها «ئەمڕۆ بەمیدیایی نوێ ئەوترێت شۆڕشی ئەپڵیکەیشنەکان، شۆڕشی زانیارییەکان لە ڕێگەی ئەپڵیکەیشنەکانەوە، چونکە ئەمڕۆ میدیایی نوێ، لە نێو میدیایی نوێ مۆجۆ لە ڕێگەی ئەپەکانەوە کار ئەکات و، ئەپڵیکەیشنەکان تەحەکوم ئەکات بەدۆخەکانەوە، کۆمپانیایەك ئەپڵیکەیشنێك بەرهەم ئەهێنێت بۆ تۆمارکردن و ئیدتکردنی ڤیدیۆیی، لەکێبڕکێی ئەمدا کۆمپانیایەکی تر دێت بە کوالێتیەکی بەرزتر و باشتر بەرهەم ئەهێنێت. ئەمە وا ئەکات کە ستیزن جۆرناڵیزم بەبێ ئەپڵیکەیشنەکان ناتوانێت ئەم ڕۆڵە ببینێت».(چاوپێکەوتنی توێژەر-

٢ پ.د. هێرش ڕەسوڵ، پسپۆڕی ڕۆژنامەوانی، یاریدەدەری ڕاگری کۆلیجی تەکنیکی کارگێڕی-زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، لە بەرواری ٢٠٢٢/٧/٣.

رەزوان زەڵمی)٣

ب- کاریگەرییان لەسەر رووداوە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان

ئەگەر سەرنج لە ژمارەیەك رووداوی جیاواز بدەین لە ماوەی رابردوودا، بە ئاشکرا گرنگیی و کاریگەریی مۆبایلی زیرەك و ئەپڵیکەیشنەکانی و رۆڵی رۆژنامەوانیی هاووڵاتییمان بۆ دەرئەکەوێت، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و گەیاندن و بەجیهانیبوونی رووداو و کارەساتەکان، بۆ نمونە: لەساڵی ٢٠١٤دا لە کارەساتی داگیرکردنی شەنگال زۆربەی وێنە و هەواڵ و گرتە ڤیدیۆیەکان بەمۆبایل و لەلایەن رۆژنامەوانیی هاووڵاتییەوە بڵاوئەکرانەوە، «لەکاتی جەنگی دژی داعشدا، ئاستی پشتبەستنی زۆرینەی نموونەی توێژینەوە زیادیکردوە بە ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندنی کوردی بە بەراورد لەگەڵ کاتە ئاساییەکان. بڵاوکردنەوەی زانیاریی خێرا و نوێ لەبارەی رەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و توانای ئەو ئامرازانە کە وەرگر بخەنە نێو جەرگەی رووداوەکان و شرۆڤەکردنی هەمەلایەنەی ئەو رووداوانە لە هۆکارە سەرەکییەکانی پشتبەستنن بەو ئامرازانە».(مستەفا، ٢٠٢٠، ٢١٠) لەهەمان کاتدا رێکخراوی (داعش) چەندەها وێنە و گرتەی ڤیدیۆ تایبەت بە خۆیان بڵاوکردەوە، کەزۆربەیان لەرێگەی میدیای نوێ و ئامێری مۆبایلی زیرەك و بەکارهێنانی ئەپەکانەوە بوو.

خۆپیشاندانەکانی نێوان ساڵانی ٢٠٢٠و ٢٠٢١ی شاری سلێمانی و شار و شارۆچکەکانی تری کوردستان لەلایەن هاووڵاتییانەوە بۆ داواکردنی مافەکانییان، لەلایەن هاووڵاتیی رۆژنامەنووسەوە تۆمارکراوە و بووە بەڵگەو دۆکۆمێنت و سەرچاوە و سودی بۆ دەستگا راگەیاندنەکان هەبووە، «ئەو گرتەو ڤیدیۆو وێنانەی کەلەکاتی خۆپیشاندانەکان لەلایەن هاووڵاتیی ئاساییەوە گیراوە و بڵاو کراوەتەوە کەمترین پرۆسەی مۆنتاژکردن و ئیدتکردنی تیا بەکار هاتووە». (چاوپێکەوتنی توێژەر - هێرش رەسوڵ)

«لە نێو میدیا تەقلیدییەکاندا، وێنە و گرتە ڤیدیۆییەکان بە جۆرێك لە جۆرەکان کاریان لە سەرکراوە، وەك راپۆرت و هەواڵ و ژەنەرەکانی تری بە دواداچوونی بۆ کراوە و سوودیان لێ وەرگیراوە. لە میدیای نوێشدا جێگەی خۆی گرتوو، بەڵام لە کاری رۆژنامەوانیی هاووڵاتییدا، پیشەیی و مەسەلەی پرۆفیشناڵی و هەندێ چەمکی تر دێنە ئاراوە، بە تایبەت لە کاتی رووماڵی رووداوەکاندا جیاوازیی ئەبێت لە شێوازی گرتنی گرتە ڤیدیۆییەکان و رۆڵی هەیە لە دارشتنەوەی ئاخاوتنەکانی هاوپێچ ئەکرێن یان ئەو نوسینانەی لە لایەن هاووڵاتیی رۆژنامەنووسەوە بڵاوئەکرێتەوە» (چاوپێکەوتنی توێژەر - عومەر رەمەزان)٤

هەر لەنێوان ساڵانی ٢٠٢٠و ٢٠٢١دا چەند گرتەیەکی ڤیدیۆیی و وێنە تۆمارکران، لە ناو پەرلەمانی کوردستان و بڵاوکرانەوە، ئەو هەڵچوون و تەنگەژانەی کە لەناو پەرلەمانی کوردستاندا روویاندا، زۆربەی بە ئامێری مۆبایل وێنە گیرا بوون لە لایەن ئەندام پەرلەمانەکانەوە کە رۆڵی رۆژنامەوانییان گێڕا لە بڵاوکردنەوەی ئەو زانیارییانە و بوونە سەرچاوە بۆ دەستگاو کەناڵ و پێگە ئەلیکترۆنییەکان. زیاتر لە نیوەی پەرلەمانتاران پشت بە مێدیای نوێ دەبەستن لە رایکردنی کارەکانیاندا وەك پەرلەمانتار، بە واتای ئەوە دێت مێدیایی نوێ بووەتە هۆکارێکی باش بۆ راپەڕاندنی کارەکانی پەرلەمانتاران وەك سەرچاوەی زانیاریی و پەیوەندیکردن و هەروەها کاریگەر بوون لەسەر کارەکانیان، بۆ گەیشتن بەزانیارییەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاریی و دروستکردنی پێوەندیی بەهێز لە نێوان خۆیان و هاووڵاتییاندا. (احمد، ٢٠٢٠، ١٠٤٥)

---

٣ م. رەزوان زەڵمی، مامۆستا، زانکۆی گەشەپێدان -سلێمانی، بەرێوەبەری ئەکاونتی (مۆجۆ کورد). لە بەرواری ٢٠٢٢/٧/٢.

٤ پ.ی.د.عومەر رەمەزان، مامۆستا، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سلێمانی. لە بەرواری ٢٠٢٢/٧/٤.

«ئەپەکان و مۆبایلی زیرەك، لەتوانایاندایە کۆنێکت و رایەڵەی پێوەندیی خێرا و ئاسان و بەرفراوان لەگەڵ وەرگراندا درووست بکەن. هەروەها ئاستی وەرگران بە ناوەرۆکی زانیارییەکان بەرزتر بکەنەوە و بە ووزە و هێزی زۆرتر پەیامەکان بگەینە وەرگران. ئەو کاریگەریی و خێرایی و ناردنانە، بۆ هەموو ئاست و چین و توێژێکە، لە هەر رەگەز و تەمەن و ئاست و لە هەر شوێنێکدابن، بۆیە هەموو بوارەکان دەگرێتەوە، لە بواری بازرگانی و مارکێتینگ، لەبواری ئابووریی و کۆمەڵایەتی، لەبواری سیاسیی و میدیایی». (چاوپێکەوتنی توێژەر-سامان جەلال )٥

نزیکترین رووداویش لەمانگی ١٢-٢٠٢١و سەرەتای ساڵی ٢٠٢٢دا خۆپێشاندانەکانی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی و زانکۆکانی شار و شارۆچکەکان بوو، کە لە رێی مۆبایل و هاووڵاتیی رۆژنامەنووسەوە توانی گەورەترین رایگشتیی درووست بکات و مافەکانیان بۆ بگێڕنەوە، زۆربەی ئەم گرتانە و هەواڵ و وێنانەش لە رێی واڵە تایبەت و هەواڵییەکان پەخش کرانەوە و هەندێك لەدەستگا میدیایی و تەلەفزیۆنیەکان و کەناڵی ئاسمانی بەتایبەتیش (Rudaw) و (NRT) لە کەناڵە لە پێشینەکان بوون، وەك سەرچاوە پشتیان بەو گرتانە بەستبوو لە پەخشی تایبەتیدا وەك پرسێکی گرنگ مامەڵەی لەگەڵدا کرا. هەرچەندە لە رووی کوالێتی و گونجاندنی لەگەڵ ئامێرەکانی پەخشکردندا جیاوازییان هەبوو.

«مۆبایلی زیرەك، بەربڵاوترین ئامرازە بۆ چوونە ناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت، لە ناو خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان، ئەوەش بۆ ئاسانی بەکارهێنان و ئاست و توانستی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیایی نوێ لە لایەن خوێندکارانی زانکۆ و ئاسانی هەڵگرتنی مۆبایل بە هۆی بچووکی قەبارەکەیەوە ئەگەڕێتەوە». (رەمەزان، ٢٠١٩، ١٨)

لەکاتی بڵاوبونەوەی پەتای کۆرۆنا لە سەرتاسەری جیهان بە هەرێمی کوردستانیشەوە، ئەپلیکەیشنەکان و هاووڵاتیی رۆژنامەنووس رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە وشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە لەو نەخۆشییەو بڵاوکردنەوەی وشیاری چۆنیەتی خۆپاراستن و وشیاری تەندرووستیی و پاکو خاوێنی و خۆ بە دوور گرتن لەشوێنە گشتیی و قەرەباڵغەکان، بۆ نمونە لە ئەپلیکەیشنەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فیسبووك و تویتەر بەشێکی تایبەتی لەبەشی خزمەتگوزارییەکان تایبەت کردبوو بە وشیارکردنەوە و کۆکردنەوەی داتای تایبەت بەم نەخۆشییە بۆ سەرجەم جیهان و هەرێمی کوردستانیش بەشێك بووە لەوە. « زۆربەی هاووڵاتییان لەماڵەکانیاندا مانەوە و دابڕابوون لەرووی کۆمەڵایەتیی و هاتوچۆوە، بۆیە مۆبایل و ئەپلیکەیشنەکانی تایبەت بەهۆشیارکردنەوە و هاووڵاتییان، زۆرترین رۆڵیان هەبووە، لەگەیاندنی هەواڵ و زانیار و هۆشیاریی تەندرووستیی و خۆپارێزیی هاووڵاتییان، «(چاوپێکەوتنی توێژەر-نەشمیل رەسوڵ)٦. بەڵام «لەماوەی کەرەنتینەدا زۆرترین سوودمان لەئامێرە زیرەکەکان و بەتایبەتیش مۆبایل و ئەپلیکەیشنەکانی وەرگرتووە بۆ هاوکارییکردنی نەخۆشەکانم لەرووی رێنماییکردن و هۆشیارکردنەوە و چۆنیەتی خۆپاراستنی نەخۆشەکانمان و هەروەها چارەسەر دانان بۆیان، بەبێ ئەوەی لەماڵەکانیان بێنە دەرەوە».(چاوپێکەوتنی توێژەر-بەسۆز عبداللە)٧.

لە رۆژانی کۆتایی مانگی ٧-٢٠٢٢ گرتەیەکی ڤیدیۆیی پیاوێکی بەتەمەن بەناوی (تالب تەهماسب) کە گۆرانییەکی هونەرمەند (حەسەن زیرەك) ئەڵێتەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایەن رۆژنامەنووسێکی هاووڵاتییەوە گیرابوو،

---

٥ پ.ی.د. سامان جەلال، مامۆستا، کۆلیجی ئاداب- زانکۆی سەلاحەدین. لە بەرواری ٢٠٢٢/٧/٢.

٦ د.نەشمیل رەسوڵ، پسپۆڕ لەنەخۆشیە دەروونییەکان.٢٠٢٢/٧/٦.

٧ د. بەسۆز عەبدوڵلا، پسپۆڕ لەنەخۆشیەکانی ژنانو منالٌ بوون.٢٠٢٢/٧/٧

کەمتر لە٢٤کاتژمێردا ٤٠٠٠ لایکی بۆ هاتووە و لە سۆشیال میدیایی کوردی بە هەموو جۆرەکانیەوە بڵاوکرایەوە، کە بووە فاکتەری کۆکردنەوەی کەمپین و بەهانەوە چوونی ئەم کەسە، ئەمە بەڵگەیی ئەوەیە لەکوردستان دا رۆژنامەوانیی هاووڵاتیی لە رێگەی ئەپەکانیی مۆبایلەکانیانەوە ئەتوانن رای گشتیی لە ئاست رووداوەکان و گاریگەریی لەسەر جەماوەر درووست بکات.

رۆژنامەوانیی هاووڵاتیی ئەرکەکانی وەك: وێنەگرتن، تۆمارکردنی دەنگ، مۆنتاژکردن لە رێگەی مۆبایل و ئەپڵیکەیشنەکانەوە جێبەجێبکرێت ئەدەن و پاشان چیرۆکەکە لە ماوەیەکی کەمدا پەخش و بڵاو ئەکرێتەوە. تەکنەلۆجیای نوێ پێویستی نوێ و رەفتاری نوێی بۆ هاووڵاتییان درووستکردووە. ئەتوانرێت کورتبکرێتەوە لەوەی کەجەماوەر دەتوانێت بگات بەهەر شتێك لەهەر کات و شوێنێکدا بێت.

# بەشی سێیەم

## بەشی کرداریی و شییکردنەوە

لەم بەشەی توێژینەوەکەدا جێبەجێبکرێتەکانی راپرسیی پراکتیکیی تایبەت بە رۆژنامەوانیی هاووڵاتیی ئەخرێتە روو، کە رای ١٤٧ بەرتوێژ وەرگیراوە، لە تەوەری یەکەمدا تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی بەرتوێژان ئەخرێتە روو، لە تەوەری دووەمدا وردەکاری و شێواز و ئاستیی بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك لای رۆژنامەوانیی هاووڵاتیی روونئەکرێتەوە، لە تەوەری سێیەمیشدا کە تایبەتە بە بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکان، لە رووی زمانی بەکارهێنان و تایبەتمەندیی و پاڵنەرەکانی بەکارهێنان و سوودمەندبوون و تێچوونی روونئەکاتەوە، لە تەوەری چوارەمدا جۆرەکانی ئەپڵیکەیشنی کاری میدیایی وێنەی فۆتۆگرافی و گرتەی ڤیدیۆیی و پەخشی راستەوخۆ و نووسین و دەنگ دەخاتەروو، لە تەوەری پێنجەمدا پێوەندیی و بەکارهێنان و رۆڵی ئەپڵیکەیشنەکانی مۆبایلی زیرەك لە کاراکردنی رۆژنامەوانیی هاووڵاتیی لە هەرێمی کوردستان دا بەپێی ژمارە ئامارییەکان روونئەکاتەوە.

تایبەتمەندیی دیمۆگرافیی:

خشتەی ژمارە (١)

تەمەنی بەرتوێژانی رۆژنامەوانیی هاووڵاتیی

| تەمەن (ساڵ) | دووبارەبوونەوە | % | ریزبەندیی |
|---|---|---|---|
| 18 – 24 | 23 | 15.6 | 3 |
| 25 31- | 14 | 9.6 | 4 |
| 32 – 38 | 39 | 26.5 | 2 |
| ٣٩ زیاتر | 71 | 48.3 | 1 |
| کۆی گشتیی | 147 | 100.0 | |

بەپێی خشتەی (١) ئەوە روون ئەبێتەوە کە بەرزترین ئاستی تەمەن بریتیە لە تەمەنی (٣٩)ساڵ زیاتر بە رێژەی (٤٨,٣٪) بە پلەی یەکەم دێت، هەروەها دووەم ئاستی تەمەن بریتییە لە تەمەنی نێوان (٣٨ – ٣٢) ساڵ کە بە پلەی دووەم دێت، ئاستی سێیەم کە(٢٤-١٨) ساڵە بە رێژەی (٢٦,٥٪) بە پلەی سێیەم دێتو هەروەها نزمترین ئاستیی تەمەن بریتییە لە تەمەنی نێوان (٢٥-٣١) کە بە رێژەی (٩,٦٪) بە پلەی چوارەم

دێت، سەرەنجام ئەوەمان بۆ روون ئەبێتەوە کە تەمەنی ٣٩ ساڵ بەرە و سەرەوە زیاتر لە هەموو تەمەنەکانی تر گرنگیی بەکاری رۆژنامەوانیی هاووڵاتیی ئەدەن، کە ئەمەش دیاریکردنی کاریگەریی دیموگرافیی کەسایەتیی رۆژنامەوانیی هاووڵاتیی و، ئەو مشتەیەی کە وەرگیراوە، کە پێشبینی ئەکرا لە ئاستی تەمەنی گەنجاندا زیاتر گرنگییی پێ بدرێت.

خشتەی ژمارە (٢)

ئاستی زانستیی بەرتوێژانی رۆژنامەوانیی هاووڵاتیی

| ئاستی زانستیی | دووبارەبوونەوە | % | ریزبەندیی |
|---|---|---|---|
| بنەڕەتیی | ٢ | ١,٤ | 5 |
| ئامادەیی | ١٥ | ١٠,٢ | 4 |
| دبلۆم | ٤١ | ٢٧,٩ | 2 |
| بەکالۆریوس | ٥٦ | ٣٨,١ | 1 |
| خوێندنی باڵا | ٣٣ | ٢٢,٤ | 3 |
| کۆی گشتیی | ١٤٧ | 100 | |

بەپێی خشتەی ژمارە (٢) دەرئەکەوێت بەرزترین ئاستی زانستیی بریتیيە لە هەڵگرانی بڕوانامەیی (بەکالۆریوس) کە بە رێژەی (٣٨,١٪) بەپلەی یەکەم دێتو دووەم ئاستی زانستیی بریتیە لە هەڵگرانی بڕوانامەیی (دبلۆم) کە بە رێژەی (٢٧,٩٪) بە پلەی دووەم دێت و هەروەها سێیەم ئاست بریتییە لە هەڵگرانی بڕوانامەیی خوێندنی باڵا کە بە رێژەی (٢٢,٤٪) بە پلەی سێیەم دێت و ئاستی چوارەم بریتییە لە هەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەیی کە بە رێژەیی (١٠,٢٪) بە پلەی چوارەم دێت و نزمترین ئاستی زانستیی بریتییە لە (بنەڕەتیی) کە بە رێژەی (١,٤٪)دێت، سەرەنجام روون ئەبێتەوە ئەو هاووڵاتییانەی کە گرنگیی بە کاری رۆژنامەوانیی هاووڵاتیی ئەدەن، زیاتر کەسانی خوێندەوار و خاوەن بڕونامەی بەرزن. کە ئەمەش کاریگەریی لە سەر ئاستی کار و جۆری کوالێتیی و لێزانیی و بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکان دەبێت. سەلمێنەری خاڵی (٤) ئامانجی توێژینەوەکەیە.

بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك:

خشتەی ژمارە (٣)

بەکارهێنانی جۆری سیستەمی کارپێکردن لە لایەن بەرتوێژانی رۆژنامەوانیی هاوڵاتی

| جۆری سیستەمی کارپێکردن | دووبارەبوونەوە | % | ریزبەندیی |
|---|---|---|---|
| Android | ٨١ | ٥٥,١ | 1 |
| IOS | ٥٨ | ٣٩,٤ | 2 |
| Windows Phone | ٧ | ٤,٨ | 3 |
| Black Berry | ١ | 0.7 | 4 |
| کۆی گشتیی | 147 | 100 | |

خشتەی ژمارە (٣) روونی ئەکاتەوە زیاتر کام جۆری سیستەمی کارپێکردن بەکارئەهێنن: دەرئەکەوێت بە رێژەی

(٥٥,١٪) جـۆری سیسـتەمی (ئەندرۆیـد) بەکارئەهێنـن کـە بەرزتریـن جـۆری سیسـتەمی کارپێکردنـە و بـە پلـەی یەکـەم دێـت، هەروەهـا بـە ڕێـژەی (٣٩,٤٪) جـۆری سیسـتەمی (ئـای ئـۆ ئێـس) بەکارئەهێنـن، کـە دووەم جـۆری سیسـتەمی کارپێکردنـە و بـە پلـەی دووەم دێـت، بـە ڕێژەیـی (٤,٨٪) جـۆری سیسـتەمی (ویندۆزفـۆن) بەکارئەهێنـن کـە بـە پلـەی سـێیەم دێـت و تەنهـا بـە ڕێـژەی (٠,٧٪) جـۆری سیسـتەمی (بـلاك بیـری) بەکارئەهێنـن کـە نزمتریـن ئاسـتە، سـەرەنجام ڕوون ئەبێتـەوە کـە سیسـتەمی ئەندرۆیـد زۆرتریـن بەکارهێنـەری هەیـە لـە چـاو سیسـتەمی ئـای ئـۆ ئێـس، کـە ڕەنگـە هـۆکاری ئەمـەش بگەڕێتـەوە بـۆ ئاسـانی بەکارهێنـان و زۆریـی ئەپڵیکەیشـنەکانی بـە خۆڕایـی دابیـن ئەکرێـت بـۆ بەکارهێنـان و جـۆری بەکارهێنانـی سیسـتەمی کـراوە لـە ئەندرۆیـد و بەسـتنەوەی بـە سیسـتەمی گۆگڵـەوە و هەروەهـا هەرزانیـی ئامێـری مۆبایلـی سیسـتەمی ئەندرۆیـد لـە چـاو ئامێـری مۆبایلـی سیسـتەمی ئـای ئـۆ ئێـس. ئـەم جیێبەجێبکرێتـەش یەکناگرێتـەوە لەگـەڵ جیێبەجێبکرێتـی توێژینـەوەی (ئـەرکان محمـد) کـە بـە ڕێژەیـی (٤٢٪) ئـای ئـۆ ئێـس بـەکار ئەهێنـن و بـە ڕێژەیـی (٣٤٪) ئەندرۆیـد بـەکار ئەهێنـن.

خشتەی ژمارە (٤)

بەرتوێژان ئارەزووی زیاتری کام جۆری ئەپڵیکەیشن لەرووی تێچوونەوە ئەکەن

| جۆری ئەپڵیکەیشن لەرووی تێچوونەوە | دووبارەبوونەوە | % | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|
| بەکرین | 19 | 12.9 | 2 |
| بەخۆڕایی | 128 | 87.1 | 1 |
| کۆی گشتیی | 147 | 100 | |

بەپێـی خشـتەی ژمـارە (٤) دەرئەکەوێـت  بـە ڕێـژەی (٨٧,١٪)  ئـارەزووی زیاتـری بـۆ بەدەسـتهێنانی (بەخۆڕایـی) ئەپڵیکەیشـنەکان لـەرووی تێچوونـەوە هەیـە کـە بەرزتریـن ئاسـتە، هەروەهـا بـە ڕێـژەی (١٢,٩٪)  ئـارەزووی زیاتـر بـۆ (بەکریـن)ی ئەپڵیکەیشـن لـە ڕووی تێچوونـەوە هەیـە کـە نزمتریـن ئاسـتە، سـەرەنجامی جیاوازیـی ئـەم ڕێژە زۆرە ئەگەڕێتـەوە بـۆ ئـارەزووی بەکارهێنـەر کـە بـە خۆڕایـی ئەپڵیکەیشـنەکان دابەزێنێـت و جێگریـان بـکات و بەکاریـان بهێنێـت، هەرچەنـدە ئـەو ئەپڵیکەیشـنانەی بـە خۆڕایـی دائەبەزێنرێـت، ڕەنگـە لـە ڕووی تایبەتمەنـدی و ئۆڤـەر و فلتـەرەوە کارئاسـانیی بـکات بۆیـان، بـەڵام زۆربەیـان ژمارەییەکـی کـەم ئەبەخشـن لـەو تایبەتمەندیانـە، کـە بتەوێـت کاری زیاتـر بکەیـت، داوای کرینـت لـێ ئـەکات، هەندێکیشـیان لەگـەڵ ئەوانـەی ئەیانکریـت، لـە ڕووی کوالێتیـی و دیقـە و لابردنـی نـاوی بەرنامەکـەوە جیاوازییـان هەیـە، هەروەهـا کەمـی و نەبـوون، یـان دابیـن نەکردنـی  ژمارەیـی بانکیـی باوەڕپێکراو بـۆ بەکارهێنـەران و هاووڵاتییانـی دانیشـتووی هەرێمـی کوردسـتان لەلایـەن حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانەوە هۆکارێکـی تـرە.

خشتەی ژمارە (٥)

پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکانی مۆبایلی زیرەك لەلای بەرتوێژان

(هەڵبژاردنی زیاتر لەیەك وەڵام)

| پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکانی مۆبایلی زیرەك | دووبارەبوونەوە | % | رییزبەندیی |
|---|---|---|---|
| بەکارهێنانو ئاگاداربوون لەگرنگترینو نوێترین داهێنانە تەکنەلۆژییەکان | 88 | 24.58 | 1 |
| خێرایی بەرهەمهێنانی بابەتی میدیایی | 77 | 21.51 | 2 |
| جوانکاریی و بڕین و دانانەوەی گرتەکان یان تێکست و وێنە و دەنگەکانە | 44 | 12.29 | 5 |
| لابردنی بڕگەی ناپێویست و دووبارەیە لەبابەتەکەدا | 24 | 6.70 | 6 |
